

# لایەنە جوانەکانی شەڕی ناخۆ ......!

## جەزا چنگیانی

دڵنیام هەر کەسێك ئەم ناونیشانە بخوێنیتەوە پێش ئەوەی بگاتە کۆتای ووتارەکە لە دڵی خۆیدا دەڵی چۆن شەڕ لایەنی جوانی هەیە . شەڕی ناخۆ لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا بە درێژای مێژوو ڕوویداوە.دەتوانرێ بۆ هەریەکێك لەو شەڕانە خوێندەوەیەیکی تیابەتی بەپیێ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵانە بۆی بکرێت. مەبەست لەم ووتارە تویژینەوە بۆ گشت شەڕناوخۆیەکانی مرۆڤ نیە . بەڵکو تویژینەوەی لە مەڕ ئەگەری دروست بوونی شەڕی ناوخۆ لە عیراقدا . عیراق چونکە دەوڵەتێکی زۆڵە و هیچ بنەمایەکی مێژووی و دەستوری داینەڕشتووە بۆیە دەبینین لە سەرەتایی دروست بوونیەوە تائیستا ئارامی بە خۆیەوە نەبینیوە . بە هۆی ئەم بارودۆخەشەوە مرۆڤەکانی ناو سنورە دڕکاوییەکانی عیراق هەمیشە بیریان لە یەکتر خواردن کردۆتەوە . یاسای ئاژەوڵ ودارستان و ئەنفال باڵاترین و شرعیترین یاسای دەوڵەتی عیراقی زۆڵە .بۆیە ئەوەی هێزی هەبێ هەوڵی خۆاردنی لایەنی لاوازی داوە. بە دریژایی مێژووی ئەم دەوڵەت زۆڵە گەلی کورد لایەنی ( لاوازی ) کۆمەڵگاکە بووە , بۆیە گشت پاشا و سەرۆك کۆمارەکانی کوردیان وەك ئاژەڵێکی قسەکەر ژماردووە . وەك مشکی سپی بۆ لابۆری چەکەکانیان منداڵی کوردیان بەکارهێناوە . بۆ شەوی مەستی و بەربانگی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیان ناوگەڵی سوپایە کیژۆڵەی کوردیان بە ئارەزووی خۆیان سور و پڕ شەهوەتکردووە . دوای چەرخانی چەرخی ستەمی دەسەڵاتی عەرەبی و لەدوای ساڵی 1991دەسەڵاتی کورد بە لاوازی نەمایەوە. بەتایبەتی دوای ڕمانی

دەوڵەتی عیراق وهەڵوەشانەوەی سوپا دڕندەکەی صدام .کورد بەپیچەوانەوە سوپایەکی تاڕادەیە مۆدیرن و ناوچەیەکی تا ڕادە ئارام و کۆمەڵگایەکی تاڕادەیەك مۆدیرنتری لە عیراق هەیە . لێرەدا تای تەرازووی هێزی کوردی بە هێزترە لە هی عیراق و عەرەب . ئەم ووتارە هیوا خوازی شەڕ نیە چونکە هەموو شەڕێ قوربانی یەکەمی ڕۆڵەی چینە داماوەکەی کۆمەڵگایە وەلی .سترۆکتۆری مرۆڤ لە هەر گۆمەڵگایەکدا بێت ئەگەر هێزێك (یاسا یان چەك ) کنترۆڵی نەکات ئەوە مرۆڤەکانی یەکتری دەخۆن . عەرەبی عیراق وەك بەشێك لە کۆمەڵگای ئیسلام و گۆشکراو بە الانفال بە خوێنڕشتن و ئافرەت ئەتکردن و تاڵانی شانازی دەکەن .کوردیش لە هەموو میللەتێکی تری نا عەرەب زیاتر قوربانی دەستی یاسای گەوجی ئەوانن . ئەوان ئەگەر هێزێك نەبێ بەرنگاریان ببێتەوە ئەوە ئەوەی لێتیناگەن ( دیالۆگە ) . دەشێ دوای نەگیشتنی کورد و عەرەب بە ڕێگەی دیالۆگ . ئەلتەرناتیف تەنیا بەرنگاربوونەوەی چەکداری هێزە دژەکان بێ . وەك لە ساڵی 1961 تا ئیستا کورد و عەرەب زمانی چەك زمانی دیالۆگی سیاسیان بووە . لایەنی جوانی شەڕی ناخۆی داهاتووی عیراق لاوازی هێزی پریمتیفی شیعە و فاشی سونەیە .ڕێژەی قوربانی شەڕی ناخۆی عیراقی کورد و عەرەب کە زۆر نزیکە ئەنجامەکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یان ( کۆنفدریالی) بێت ( ناگاتە ڕێژەی قوربانییەکانی شەڕی ناوخۆی نێوان ( یەکیتی و پارتی ) لەسەر داهاتی برایم خلیل .

کورد لە شەڕی ناخۆی عیراقدا لە دووبەردا براوەیە :

1- بەرەی نێو دەوڵەتی :پاڵپشتی ماڤە دیموکراتیەکانی مرۆڤی کوردە بە ماڤ چارەنووسیشەوە .

2- بەرەی کوردستانی :هەموو ڕەنگە جیاوازییەکانی ئایدۆلۆژی لە کوردستانی مەزندا دەبن بەیەکەیکی سیاسی پتەو .داخوازی دەوڵەتی کوردی لە ڕێژەی 98٪ دەبێت بە 100٪ .*

* لە کاتی هەڵبژاردنەکەدا کورد بە ڕیژەوی 98٪ داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی کرد.

سان پیترسبۆرگ 20/08/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de